# پۆلی هاوچەرخی کەندەکەوە  2003- 2006



مامۆستا سەبریە و منداڵانی پۆلی ٢ ی پرۆژەی ئاسترید لیندگرین، لە گوندی کەندەکەوە، ساڵی ٢٠٠٦

## فەلسەفەلە فێرگەدا

فەلسەفە(فیلۆسۆفیا) خۆشەویستی زانین. دەکرێت بڵێین بەرزترین قۆناخی بیرکردنەوەی مرۆڤە. خوێندنی فەلسەفە لە پاڵ وانەی زانستی و وێژەیەکاندا دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر فرەوان کردنی ئاسۆی بیری قوتابیان

ئەم پرۆژەیە بریتیە لە حەوت وانەی فەلسەفی بۆ قۆناخی ناوەندی(بەتایبەت پۆلی دووی ناوەندی) وەک هەنگاوێکی سەرەتایی پیادە بکرێت. بەو هیوایەی لە داهاتوودا کتێبی لەو جۆرە بۆ پۆلەکانی 4 و 5 ی ئامادەییش ساز بکرێت. وانەکان 7 وانەن، هەر وانەیەکیش بە سێ قۆناخ دەخوێنرێت،

**قۆناخی یەکەم،** چیرۆک، کە پەیوەندی بە کرۆکی بیرکردنەوە و رێبازی فەیلەسوفێکی دیاری کراوەوە هەیە، لە کۆتایی هەر چیرۆکێک چەند پرسیارێک هەیە کە قوتابیان وەڵامی دەدەنەوە و بیروڕای لەسەر دەگۆڕنەوە

**قۆناخی دووهەم،** بەو بیروڕاو وەڵامی پرسیارەکاندا دەچنەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەن

**قۆناخی سێهەم،** کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ئەو فەیلەسوفە و ژیان و بەرهەم و ئاماژە بە خاڵەگرنگ و دیارەکانی ناو فەلسەفەکەی دەکات.

بەم پێیە قوتابی/ خوێندکار لە سەرەتادا بە بیرۆکەیەکی فەلسەفی ئاشنا دەبێت

لە قۆناخی دووهەمدا بیروڕاو بۆچوونی لە مەڕ ئەو بیرۆکەیە دەبێت. لە دوا قۆناخیشدا بە ژیان و خاڵە گرنگەکانی بیرکردنەوەی فەلیەسوفێک و کاریگەریەتی ئەو فەیلەسوفە لەسەر فەیلەسوف و ڕێبازە فەلسەفیەکانی دیکە و بە پێچەوانەشەوە پەیدا دەکات. بەکورتی ئەم شێوازی ئاشنا کردنە، نوێترین ڕێبازی ئاشناکردنی قوتابیانە بە فەلسەفە و شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە.

دابەشکردنی وانەکان(واتە حەوت وانە و هەر وانەیەکیش سێ قۆناخ) تەواو لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێت کە هەر هەفتەی وانەیەک لە وانەکانی قوتابخانە، واتە لە کۆی 30 وانە لە هەفتەیەکدا، وانەیەکی بۆ خوێندنی فەلسەفە تەرخان بکرێت لە پاڵ وانەی وەرزش، ئاین و وێنە.... هتد

شێوازی وتنەوەی وانەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەی زیاتر لە بابەتە فەلسەفیەکاندا(بە زمانی کوردی) لە پێشەکی کتێبەکەدا وەک ڕێنامیی مامۆستا باس کراوە

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، پارساڵ، ئەو مامۆستایانەی کە لە پرۆژەی کەندەکەوە هاتبوون بۆ ئۆسلۆ، کۆرسێکی 3 ڕۆژییان دەربارەی چۆنیەتی گووتنەوە و پیادەکردنی ئەم بابەتەوە لەلایەن( کەریم مستەفا) نووسەری ئەم کتێبەوە(کە لە پایزی ئەمساڵدابە شێوەی کتێب چاپ دەکرێت)، پێگووترایەوە. لە ساڵی خوێندنی 2006/2005 دا وەک هەنگاوێکی سەرەتایی و دەستپێک لە قوتابخانەی کەندەکەوە ( پرۆژەی ئاسترید لێندەگرین ) مامۆستا( سەبریە) چەند بەشێکی لێ پیادە کردبوو. (بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە ناوبراو لە بەهاری 2006 دا نووسیویەتی دەکرێ کە ئەم ڕێبازە لە پۆلەکانی سەرەتاییشدا بەسەرکەوتوویی پیادە بکرێت)




لە ڕاپۆرتی ( پۆلی هاوچەرخی کەندەکەوە 2003- 2006 ) لاپەرە 14 ئامادەکردنی کاروان عارف

بڕوانە سایتی کۆمەک www.komak.nu